Kurdistannet کوردستان نێت

بیرەوەری ناو زیندانەکانی بەعس

ساڵێك لە دۆزەخ

لە مەیدانەوە بۆ زیندان

مەهاباد قەرەداغی - سوید mahabad03@hotmail.com

بەشی دەیەمو کۆتایی



خەریك بوو دڵم بتۆقێت، دڵم گرمەگرمی بوو، پڕ بەگوێم گوێم لەلێدانی خێرای بوو کە لەنیگەرانییەکی زۆرەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو هەراو هوریایە چییە لەدەرەوەی ژوورەکەو لەناو داڵانەکەدا دەبیسترێت! وردە وردە دەنگەکانم دەناسییەوەو پێم سەیر بوو، ئەمانە چی دەکەن لێرە. ئەوە دەنگی میم زەکییەیە، دەنگی هەدیەی کچی، دەنگی میم جانە، فەوزیە، هەموویم ناسییەوەو دەنگی ژنانی دراوسێو ناسیاوم گوێ لێ بوو. لەناکاو گوێم لەدەنگی باوکم بوو مامم مەحموودی بانگ کرد، سەرسامترو شپرزەتر بووم، نەمدەزانی لەناو ئەو ژوورەوەو لەپشت ئەو دەرگا داخراوەوە چی بکەم بۆ ئەوەی بزانم چی روو دەداو بۆ باوکمو مامەو دراوسێو ئەو هەموو خەڵکە لەوێن؟ قابیلە شاری کفری هەمووی پێکەوە بۆ سەردانی من هاتبێت!

لە کونی دەرگاکەوە تەماشام دەکرد، دوو سێ ژنو منداڵم دەبینیو دڵنیابووم ئەمانە خەڵکی کفرین. کات نزیك نیوەڕۆ بوو، کاتی بردنی منو ئەمەل بۆ ئەودیوو هاتبوو کە من دەتگوت لەسەر ئاگر چاوەڕێی هاتنی ئەو کاتە دەکەم. کە دەرگایان کردەوە بۆ ئەوەی ئێمە بچینە ئەودیوو، بینیم ئەو ڕاڕەوە پڕە لەخەڵکی شارەکەم، ژنو پیاوو منداڵو گەنجو پیر. باوکم منی دیو من ئەوم دی، پێش ئەوەی منو باوکم باوەش بەیەکدا بکەین، هەر هەموو ئەو ژنانەی کفری هاتنو ماچی منیان کردو پیاوەکان هاتنو تەوقەیان لەگەڵ کردمو سڵاویان لێ کردمو هەموویان زۆر بەڕێزێکی زۆرەوە لەگەڵ سڵاوەکانیاندا ستایشیان کردم. مام رەشید کە لە کفری بە رەشە بەلەگە دەناسرێ بەبینینی من ئەوەندە خۆشحاڵ بوو دەستی کرد بە گۆرانی گوتن. ئەم مام رەشیدە، کە ئێستاش لە کفرییەو دوای شەهیدبوونی سێ کوڕی بەهەمان هەناسەوە کوردایەتی دەکاتو زۆر زۆرم خۆش دەوێ، دواتر کە تەتەری نێوان ئێمەو پێشمەرگە بوو کە لەڕێکخراوی نهێنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کارم دەکرد.

ئیدی باسیان کرد کە هەموویان هەفتەیەك زیاترە گیراونو لەپێشدا بردوویانن بۆ ئۆردووگایەکی سەربازی لە مەیدان کە نزیك شاری خانەقینە لەسەر سنووری کوردستانی ئێران، دوایش هێناویانن بۆ بەعقووبە. ئەو بەندیخانەیە ئەوەندە شڵەژا، نەیاندەزانی ئەو هەموو خەڵکە چی لێبکەنو چۆن جێگەیان بکەنەوە. ژوورەکەی ئەودیوو کە جێگەی بیست کەسیشی تێدا نەدەبووەوە شەست کەسیان تێ ئاخنیو منو ئەمەلیشیان برد بۆ ئەو ژوورە، چونکە لە ژوورەکەی ئێمەدا بیست کەسیان دانا. شەست کەس لەناو ئەو ژوورەدابووینو هەموویان خەڵکی کفری بووین. ئەمانە هەموویان لەبەر ئەوەی کوڕیان، برایان یان مێردیان پێشمەرگە بوو، هەموو خێزانەکەیان دەگرتو دەستبەسەریان دەکردن، مەرجی بەردانیان بەند بوو بە هاتنەوەو خۆبەدەستەوەدانی کوڕەکانیان. یان کە هەواڵی شەهیدبوونی کەسەکانیان دەگەیشت بەریان دەدان. ئەو سیاسەتەش هەنگاوێکی تر بوو لە داهێنانێکی تری ڕژێمی بەعس بوو بۆ کۆیلەکردنو دەستەمۆکردنی کورد. لەڕاستیدا ئەگەرچی زۆر زۆرم پێ ناخۆش بوو کە ئەو خەڵکە بێگوناهەیان بەو دەردە بردووەو بەتایبەتی منداڵی بچووکو پیری زۆر بەساڵاچوویان تێدابوو، بەڵام هاتنی ئەوان بۆ من قەرەبووی هەموو کاتو ساتەکانی ئەو هەشت نۆ مانگەی کردەوە کە تەنیا بوومو ئەشکەنجە دەدرام. خەڵکی کفری بەگشتی سروشتێکی تایبەتییان هەیەو دڵو دەروونپاکن، فیداکارنو یەکتریشیان زۆر خۆش دەوێت. ئەو ژنانە یەك یەك ماچیان دەکردمو وەك دایکی خۆم نازیان دەکێشام. دایکمو خوشکو برا بچووکەکانم بەڕێکەوت بەرنەکەوتبوون. کە زیلی عەسکەری لەبەردەرگا وەستابوو چووبوونە ژوورەوە، تەنها باوکمو مامم لەماڵەوە بوونو دایکمو فەرەیدوونو دڵشادو نەورۆز لەدووری بیست مەترێکنو لەماڵی پوورمەوە بەرەو ماڵی خۆمان هاتوون، کە بینیوویانە زیلەکە لەبەر دەرگا وەستاوە، خێرا گەڕاونەتەوە بۆ ماڵی پوورم. ئیدی باوکمو مامم سواری زیل کراونو، بۆ سبەینێش دایکو منداڵەکانی دی بە تەکسییەك خۆیان دەگەیەننە بەغدا بۆ ماڵی مامی گەورەم. بەڵام لەوێ من دەیان دایکو دەیان خوشکو دەیان براو دەیان باوکم بۆ پەیدا بوو. هەموومان دەتگوت ئەندامی یەك خێزانین، من ئەوسا زانیم کە ئیدی بشمرم گرنگ نییە، چونکە لەپێناوی کەسانێکدا خەباتم کردووە پێزانییان هەیە بۆ خەباتەکەمو ڕێز لەو تێکۆشانەم دەگرن. لەناخی دڵمەوە سوپاسی ئەو خەڵکە دڵسۆزەی شارەکەم دەکەم، کە ئەوساو دواتریشو هەردەم ڕێزیان لەخەباتی من گرتووە. ناهەق نییە کە ئەوەندە خۆشم دەوێنو کفریم ئەوەندە خۆش دەوێ.

زیندانەکەی منو باوکم لەتەنیشت یەکتر بوو، تەنها دیوارێکمان نێوان بوو. ئەو جێگاکەشی لەلای دیوارەوە بوو، پێشترو زیندانیانی پێش ئێمە کوونێکی بچووکیان لەو دیوارە کردبوو بۆ ئەوەی پێکەوە قسە بکەن، منو باوکم لەو کوونی دیوارەوە لەگەڵ یەکتری دەدواین. ڕۆژێکیان لەخۆمەوە زۆر دڵم تەنگ بوو، هۆیەکی تایبەتی نەبوو بۆ ئەو دڵتەنگییەم، لەو شێوەیە بوو کە جاروبار مرۆڤ دەیگرێتو دڵی دەگوشرێتو نازانێ چی بکات. من دەگریامو باوکم لەو کونەوە قسەی بۆ دەکردمو دڵی دەدامەوەو هانی دەدام کە خۆڕاگر بم.

ئیدی لەکاتی دیدارەکاندا پیاوەکان لەو دیووەوە دەهاتنە ئەمدیوو بۆ لای ژنو کچو منداڵەکانیان، باوکمو مامیشم دەهاتنە لای من. مامم هەر بۆڵەبۆڵی بوو بەسەر باوکمدا، دەیگوت کوڕی تۆ پێشمەرگەیەو من دەگرن. سەلاحی برام کە لەزیندانەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەڵات، بوو بەپێشمەرگە لە تیپی پەنجاو یەکی گەرمیان، لەبەر ئەو باوکمو مامم گیرابوون. ئەو مامەیەم تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، هەر لەمنداڵییەوە تووشی کەمێ دواکەوتنی عەقڵی هاتبوو، حاڵەتێکی زۆر ئاسایی بوو لەسەرەتاوە، جۆرێ کە لە هەر وڵاتێکی تر بووایە سەرپەرشتی دەکراو چارەسەرکردنی زۆر ئاسان بوو، بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی بچوکترین کەموکوڕیت هەبێت، ئەوەندە بەسە کە ئیدی بە شێت ناوت ببەن، تا بە کردەوەش شێتت نەکەن وازت لێ ناهێنن. مەخابن کە ئەمە کەموکوڕییەکی کلتووری ئێمەی کوردەو دەبێت دانی پێدا بنێین کە خراپەو دەبێت کار بۆ نەهێشتنی بکەین. ئەو مامەیەشم لەو جۆرە قوربانییە بوو، وای لێکرا ئیدی زیاتر لەدنیای خەیاڵی خۆیدا نوقم ببێت. لە کفری ئێستاش بە ملازم مەحموود بانگ دەکرێت، هەندێ جاریش بە دکتۆر بانگی دەکەن، ئەو لەخەیاڵەکانی خۆیدا دەمێك ملازم بوو، دەمێکیش دکتۆر. ئەو پیاوە کە بە شێت ناودەبرا رۆژ نەبوو رۆژنامە نەخوێنێتەوە. بەبەردەوامی لەرادیۆوە گوێی لەهەواڵەکانی دنیا دەگرتو دەیزانی لەدنیادا چی روو دەدا. هەمیشە جلەکانی پاكو ئوتووکراو بوو. ئەو عاقڵانەی کە بەویان دەگوت شێت نیوەی ئەو ئاگایان لەدنیا نەبوو، چارەکی ئەو پاكو تەمیز نەبوون، بەڵام بەدرێژایی ساڵان هەندێ کەس ئەوەندە سەریان نایە سەری تا بەڕاستی شێتیان کرد.

دوای دوو هەفتە ئیدی دایکمو مامو براو خوشکەکانم فەرەیدوونو دڵشادو نەورۆز لە بەغداوە دەهاتن بۆ دیداری منیشو باوكو مامیشم. برا گەورەکەشم هەر لەبەغدا دەیخوێندو لەوێوە دەهاتە لامان، لەیلای خوشکم لە کەرکووکەوە دەهاتو جاروبار مستەفاش لەگەڵیدا دەهات. ئیدی هەموو ئامۆزاو پورزاو مامی بچووکو هاوڕێم، مامی لەو گەورەترم قاسم کە لەگەڵ برا گەورەکەمدا زۆر گەڕابوون بەدوامدا لەسەرەتاوە هەتا کاتی دۆزینەوەم. کەس نەما لە کەسو کارم نەیەت بۆ لام، جگە لەخاڵم. تاقە خاڵۆیەکم هەبوو، بەڵام ئەو زۆر ترسنۆك بوو، نەیدەوێرا خۆی لەقەرەی کەسانی قەدەغەی وەك ئێمە بدات. کە من گیرابووم تەنانەت نەیوێرابوو بەلای ماڵیشماندا تێپەڕێتو ئەو ڕێگایەی بەجارێ تەرك کردبوو. لەو جۆرە بوو هەمیشە بە هەردوو دەستی کڵاوەکەی خۆی توند گرتبوو با نەیبات، کڵاوی ئێمەش هەردەم بەدەم گەردەلوولی بەعسەوە بوو. دەترسان بەهۆی ئێمەوە تووش ببن. هەندێ جار دەمگوت خۆ ناهەقیشی نەبوو، حوکمی قەرەقوشانەی بەعس ئەو ترسەی لەدڵی خەڵکدا پەروەردە دەکرد، لەو ساتەدا کە هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە ئەگەر خاڵیشم لەوێ بووایە دەیانگرت. دەیانگرتو کڵاوەکەی رەشەبا دەیبرد.

بیرم چوو ئەوە بگێڕمەوە کە هەر ئەو کاتەی کە تەنیا بوومو لەژوورێکدا زیندانی ئینفیرادی بووم تکام لە مفەوەز جاسم کرد کە ڕێگە بدات رادیۆیەك بکڕمو ڕێگە بدەن لەکاتی دیدارەکاندا کتێبو ڕۆژنامەو گۆڤاریشم بۆ بهێنن. بۆ رادیۆکە ڕێگەیداو پارەم دا بە مامەی گسکدەری میهرەبان رادیۆیەکی چکۆڵەی بۆ کڕیمو، دەیانهێشت کتێبی ڕۆمانو چیرۆکم بۆ بهێننو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانیش، هاوکاری، پاشکۆی عێراق، بەیانو ڕۆشنبیری نوێ، لەکاتی پشکنیندا دەیانبینی لاپەڕەی یەکەمی وێنەی دیکتاتۆرەکەی بەغدای پێوەیە ئیدی دڵنیا دەبوونو ڕێگەیان دەدا بگاتە دەستم. ماوەیەك دوای ئەوەی ئەو شیعرانەی کە لەسەر دەستماڵی کاغەزین دەمنووسیو دەمناردەوە بۆ کەرکووك بۆ مستەفا، لەیەکێك لەژمارەکانی پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراقدا شیعرێکی خۆمم بینیو بەناوی خوازراوی هەتاو گەرمیانی بڵاوکرابووەوە، زانیم مستەفا ئەو کارەی کردووەو هۆنراوەکەمی بۆ بڵاوکردنەوە ناردووە. هەر لەو ڕۆژنامانەوە چەند شیعرێکی خۆیشیم خوێندەوە کە هەر بەناوی خۆی مستەفا گەرمیانییەوە بڵاو ببوونەوەو گوزارەیان لە خۆشەویستی ئەو دەکرد بۆ من، بەوانە زۆر دڵم خۆش بوو. دواتریشو بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان بەناوی خوازراوەوە لەگۆڤارەکانی شاخیشدا گزنگو نووسەری کوردستانو تەوار بەچەندان ناوی خوازراوی وەك ژاڵە، ئاڵا، هەتاو و هتد بڵاو دەبوونەوە.

ئێوارەیەکیان دەرگای ئەو زیندانەی کە ئێمەی تێدابووینو جمەی دەهات، کردەوەو کچێکیان هێنابوو، شازاد لەدێی دوانزەئیمامەوە کە نزیك کفرییە لەگەڵ باوکیدا گیرابوو هێنرابوونە ئەوێ. ئەویش برایەکی پێشمەرگە بوو. من پێشتر شازادم نەدیبوو، بەڵام ئەو ناوی منی بیستبوو. کە زانی من لەوێم یەکسەر هاتە لای منەوەو زۆری ماچ کردم. جێگاکەشی هەر لای منەوە دانا. شازاد چونکە تازە گیرابوو هەواڵی نوێی دەرەوەی پێ بوو. کچێکی زۆر تێکۆشەرو چاونەترس بوو، هاوکاری پێشمەرگەشی دەکرد. یەکەم پرسیار کە لە شازادم کرد هەواڵی پێشمەرگە بوو، هەواڵی خالد گەرمیانیم پرسی. نازانم بڵێم لەدەروونی مندا چ بوومەلەرزەیەك روویدا کاتێ هەواڵی شەهیدبوونی خالد گەرمیانیم لە شازادەوە بیست. نەك هەر من هەموو ئەو ژنانەی تریش بەو هەواڵە کزانەوە. ئیدی بێ ئەوەی پێشتر بڕیاری بۆ درا بێت پرسەیەکی گەرم لەو زیندانەدا بۆ خالد گەرمیانی دانرا. شازاد خۆی دەنگێکی بەسۆزی هەبوو، بەو دەنگە شەهیدی دەلاواندەوەو هەموومان دەگریاین، هێشتا شازاد تەواو نەبووبوو، ژنێکی تر دەستی پێدەکردو دەیلاواندەوە. ژنانی گەرمیان ئەوەندە کۆستیان کەوتووەو ئازیزیان شەهید بووە، هەموویان بۆ لاواندنەوەی ئازیزانی لەدەستچوویان بوونەتە شایەر. لەوێدا بۆم دەرکەوت هەر من نیم شیعر دەنووسم، ئەوەتا ژنانی وڵاتەکەم هەموویان شاعیرن، جیاوازی نێوان من ئەوان ئەوە بوو من بەپێنووس دەمنووسیو لەسەر کاغەز تۆمارم دەکرد، ئەوان لەسەر زار دەیانگوتو لە سنگیان تۆماریان دەکرد.

کە پاسەوانو پۆلیسەکان گوێیان لەو لاواندنە بەسۆزانەی ژنەکانی گەرمیان بوو دەرگایان کردەوەو یەکەم جار وایانزانی گۆرانی دەڵێنو گوتیان گۆرانی گوتن قەدەغەیە، پاشتر زانیان ئەوە گریانەو چاوی هەموومان بووەتە خوێن، حاڵی بوون کە پرسەمان داناوەو ئەویشیان قەدەغە کرد.

چونکە ژمارەی زیندانییەکان زۆر بووبوو، تا دەهات خواردنەکەشیان کەمترو خراپتر دەبوو. ئەو هەموو منداڵە بەتایبەت کە دەمدی بەو شێوەیە بەبرسێتی دەمێننەوە زۆر پەست بووبووم لەو دۆخە سەختو ناشایستەیە. بیرم کردەوە کە ڕەنگە ئەگەر مانگرتن لەخواردن دەست پێ بکەین، خۆراکەکە هەندێ چاکتر بکەنەوە. یەك یەك چوومە لای ژنەکانو پێمگوتن با ئیدی خواردن وەرنەگرینو داوا بکەین کە یان خواردنەکە باشترو زۆرتر بکرێت یان ئێمە نان ناخۆینو تا مردن مان دەگرین. ژنەکان هەندێکیان قبوڵیان کردو هەندێکیان لەسەرەتاوە دوو دڵ بوونو پاشان هاتنە سەر قسەکەی من. بەڵام ئەوانەی کە منداڵی بچووکیان هەبوو خەمی ئەوەیان بوو کە منداڵەکان لەبرسا دەمرن. بە هەر حاڵ دەسمان پێکرد، نیوەڕۆ دەرگایان کردەوەو گوتیان یاللە قاپەکانتان. کەس قاپی نەبردو کەس لەجێی خۆی نەبزووا. جارێکی تریش گوتیو کەس نەجوڵا، پرسی مانتان گرتووە لەخواردن، ژنێك کە غەزالی ناو بوو. عەرەبییەکی باشی دەزانیو پێی گوت بەڵێ ئەوە کەی خواردنە ئێوە دەماندەنێ، ئەگەر خواردنەکە باش نەکەن، نامەنەوێت، قیروسیا با بمرین. ئیدی زانیان مانگرتن دەستی پێکردووە مقۆ مقۆ کەوتە ناو زیندانو پۆلیسەکە بەدوای مفەوەزەکەدا چوو، ئەویش هاتو پرسیاری کرد کە مەسەلە چییەو بۆ مان گیراوە لەخواردن، من وەڵامیم دایەوەو داواکەم پێ گەیاند. ئەو خۆی هیچی نەگوتو ڕۆیشت، پاش تۆزێ هاتن بەدوای منداو منیان بردە ژووری مفەوەزێك کە عەدنانی ناو بوو. لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنەوە دوو کەس هاتبوون بۆ لێکۆڵینەوە لەو مانگرتنە. هەواڵەکەیان وا پێگەیشتبوو کە من بیری ئەو مانگرتنەم وروژاندووەو زیندانییەکانم ڕێکخستووە بۆ ئەو مانگرتنە. لێکۆڵینەوە لەگەڵ مندا دەستی پێکردەوە.

تێبینی:

خوێنەرانی هێژا ئاگادار دەکەمەوە کە ئەمە نیوەی بیرەوەرییەکانی زیندانم بوو، نزیکەی ئەوەندەی تری ماوە نووسراوەو ئامادەکراوە لەنزیکترین کاتدا لەشێوەی کتێبێکدا چاپ دەبێتو ئەگەر خوێنەر مەبەستی بێت هەموو وردەکاریو ڕووداوەکانی ئەو ساڵەی زیندانو بەسەرهاتەکانی ژیانی من بزانێت، دەتوانێ لەو کتێبەدا بیخوێنێتەوە. سوپاس بۆ نیومانگنامەی "میدیا" کە ئەم دەبەشەی بیرەوەرییەکانمی گەیاندە خوێنەران، دیارە بەهۆی نەریتی تایبەتی نووسین بۆ ڕۆژنامە، بەسەر هەندێك وردەکاری گرنگو پەیوەندیداردا بازم دەدا، بەڵام لەکتێبەکەدا ئەو بۆشاییانەش پڕ کراونەتەوەو هیچ وردەکارییەکم فەرامۆش نەکردووە. چونکە لەنزیکترین کاتدا بیرەوەرییەکان لەشێوەی کتێبدا چاپ دەبن، بەپێویستم نەزانی بەشەکانی تریش لەڕۆژنامەدا بڵاوبکەمەوە. سوپاسی ئەو هێژایانە دەکەم کە بیرەوەرییەکانی منیان لە میدیاوە خوێندەوە، پەیوەندییان پێوە دەکردمو لەچاوەڕوانی بەشەکانیدا بوون. دڵنیایان دەکەمەوە کە چاوەڕوانییان بۆ خوێندنەوەی کتێبی ساڵێك لەزیندان درێژە ناکێشێت. سوپاسی دەزگای چاپو پەخشی "ئاراس" دەکەم کە هەر لەدوای بڵاوبوونەوەی چەند بەشێکی بیرەوەرییەکانەوە پەیوەندیان پێوەکردمو داوایان لێکردمو ئامادەی خۆیان دەربڕی کە ئەوان ئەو بیرەوەرییانە چاپ بکەن.

موراد قەرەبیلان - ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی گەل:

هێرشی ئەمریکاو تورکیاو عێراق بۆ سەر ئێمە بە ئیحتیماڵێکی لاوازە

هەڤپەیڤین: هاوڕێ کاوە، ئومێد گێلدەرەیی بەشی سێیەمو کۆتایی

*** ئێوە جیابوونەوەی عوسمان ئۆجەلان هاوڕێکانی بە پلەی یەکەم بەدەستی یەکێتی دەزانن، یان بە پیلانی حکومەتی تورکیا؟**

– بەراستی بۆ قوڵ بوونەوە لەو ڕووداوە مرۆڤ کەمێك پێویستی بەراوەستان هەیە، بەڵام دەستێك هەیە کەدەستی دەرەوەیە یان باکوورە واتە تورکیایە، یەکێتی بووە پردێك و وەسیلەیەك، بەگشتی ڕۆیشتنی ئەوانە بەپلەی یەکەم خزمەتی تورکیای کرد ئەمەش ڕاستییەکە.

*** عوسمان ئۆجەلان (فەرهاد) دەڵێت ٩٠٪ی کۆنگرەی گەل لەگەڵ مندایەو چ کاتێك لەباربوو ئەوانە دێنە ڕیزی ئێمە، رای ئێوە چییە؟**

– عوسمان درۆ دەکات، هیچ کەس لەجوڵانەوەی کۆنگرەی گەل لەگەڵ ئەو نییە، پێشتریش هیچ جەماوەریەتی خۆی نەبووە جا وەرە ئێستاو دوای خیانەت ئەمانەی ڕۆیشتون دەیانەوێ لەژێر میراتی (ئۆج ئالاندا) خۆیان حەشار بدەن و خۆیانی پێ مەزن بکەن ئەوانە شتێکی گەوهەرییان نییە کە لەسەری کۆك بن!!

ڕاستە عوسمان زۆر دەڵێو زۆریش قسە دەکات، بەڵام تادوا سنوور کەسایەتییەکی خۆ پەرستە، لەسەرەتاوە مرۆڤ گوێی بۆ دەگرێ، بەڵام کاتێك گەوهەری خۆپەرستی ئەوت بۆ دەردەکەوێ ئۆتۆماتیکی لێی دوور دەکەویەوە، لەبەر ئەوە عوسمان هەرچییەك بڵێ ڕاست نییە.

ئەوانە ئێستا لەناو خۆیاندا شەڕی دەسەڵات دەکەن. هەریەك لەوانە قسەی خۆی لەبەرامبەرەکەی پێ ڕاستترە هەر کەس بۆ خۆی خۆی لا گەورەیە کەسیان بەکەسیان باوەڕ ناکەن. لێرەوە دەتوانین بڵێین چارەنووسی ئەمانیش لەچارەنووسی ئەوانەی پێشوو جیابوونەوە باشتر نابێ.

*** عوسمان ئۆجەلان لەهەڤپەیڤینی میدیادا دەڵێ هەر شەڕێك کە لەباشووری کوردستاندا بەرپابووە بڕیاری منی لەسەر نەبووەو من وەك شەرڤانێك ڕۆڵم هەبووە، رای ئێوە لەو بارەوە چییە؟!**

– ئەوانەی ئەو دەیڵێت هیچی ڕاست نییە. ئەز وەك کەسێکی شۆڕشگێڕ ناخوازم کەس تاوانبار بکەم، بەڵام مێژوو هەیە، ڕاستی هەیە. مرۆڤ لەبەرامبەر ڕاستیشدا هیچی پێ ناگوترێ ئەو وتەیەی عوسمان سەروبن کردنی ڕاستییە. چونکە لەشەڕی ١٩٩٢داو لەشەڕی ٢٠٠٠ ڕۆڵی عوسمان ڕۆڵێکی بنەڕەتی بوو.

*** هیچ دیکۆمێنتێك هەیە ئەوە بسەلمێنێ؟**

– بەڵێ دیکۆمینتمان لایە، بەپراکتیکیو بەکرداریش هەیە، شەڕی خواکورك بەفەرمی ئەو دەستی پێکرد، لێرەوە من نامەوێ کەسێك زیادە تاوانبار بکەم، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەمێژوودا چیت کردووە هەرچ یەك ڕاست بێ ڕاستەو بەپێچەوانەشەوە.

*** عوسمان ئۆجەلان دەڵێت باری ئابووریمان زۆر خراپە. کاتێك عوسمان ئۆجەلان و گروپەکەی لەلای ئێوە ڕۆیشتن هیچ پارەی کۆنگرەی گەلیان برد؟**

– عوسمان و گروپەکەی نزیکەی (١٠٠٠٠٠) یۆرۆی ئێمەیان فڕاند. پارە تێری ئەوان ناکات هیچ دوور نییە تەواویان کردبێ. ئەوانە کەڕۆیشتن هەندێکیان لای ئێمە مابوونەوە، بەڵام ئەوان هەواڵیان بۆ ناردبوون گوتبویان کە بێنە لای ئێمە ئەوا یارمەتیو پارەتان دەدەینێ بۆ نموونە (کانی یلمان) لای من مابووەوەو پاش هەموویان ڕۆیشت، دوو مانگێکی پێچوو.. ئەویش کاتێك چوو بووە بەغدا بۆ کاری پزیشکی ئەوانی لەوێ دیبوو، هاتەوە لای ئێمە ئینجا ڕۆیشت. من باش دەزانم کانی یلماز پارەی نەدیبایە نەدەچووە لای ئەوان، مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کاتێك لێرە بوو پارەی نەدیبوو مایەوە، بەڵام کاتێك پارەی بینی ڕۆیشت. لەهەردوو دنیاکەیان بوون. هەموو پەیمانەکانی عوسمان بەبرادەرەکانی دابوو ئەمڕۆ هیچی نەهاتۆتە دی لەئەنجامدا ئەوانە خزمەت بەیەکێك دەکەن کەچارەسەری ناخوازێ، بەڵام ئەگەر یەکە یەکە شرۆڤەی کە سایتی ئەوانە بکەین هەریەك لەوانە هەڵەیەکی تایبەتی خۆی هەیە.

*** عوسمان ئۆجەلان دەڵێت ئێستا یەکێتی زۆر یارمەتی ئێمە نادات و حەز دەکەم بچمە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پارتی؟**

– ئەگەر یەکێتی هەندێك دەستی خۆی لێ بەردابێ ئەمە وادەگەینێ کە یەکێتی هێواش هێواش هەندێك ڕاستی ئەوانەی بۆ ساخ بۆتەوە. بەڵام من نازانم تاچەند ئەمە ڕاستە. لەهەقیقەتدا ئەو جۆرە کەسانە خزمەت بەدۆزو حەرەکەتی کورد ناکەن ئەوانە خزمەتی نەیارانی کورد دەکەن، بەدانیشتنی خۆشیان هەر خزمەت بەنەیاران دەکەن ئەوان دەڵێن ئێمە دەمانەوێ کۆنگرەی گەل سەروژوور بکەینو لەناوی ببەین، کێ دەتوانێ ئێمە لەناو ببات سوپای تورك زیاتر لە ٢٠ ساڵە ئۆپەراسیۆن بۆ سەر ئێمە دەکات نەیتوانی ئێمە لەناوبەرێ، عوسمان دەیەوێ ئێمە لەناو بەرێ؟ یەکێتی پێویستە پرسیار لەخۆی بکات سەبارەت بەو جەماعەتە، عوسمان لەیەك شتدا ژیرە ئەویش لەنەخشەدانانیدا بۆ قازانجی تایبەتی خۆی. عوسمان بەو قسەیەی کەکردوویەتی دەیەوێ یەکێتی بترسێنێ، و بۆ ئەوەی زیاتر یارمەتی بدەن.

*** گریمان عەبدوڵلا ئۆجەلان لەئیمرالیەوە لێبووردنی دەرکرد بۆ ئەو گروپەو ئەوانیش هاتنەوە، ئێوە وەك کۆنگرەی گەل ئەو لێبووردنە قبوڵ دەکەن؟**

– بەشێوازی رابردوو نەخێر، دەبێ یەکەم تەسلیمی کۆنگرەی گەل ببێ. دووەم دەبێ تەسلیمی دادگای کۆنگرەی گەل ببێ. ئەگەر خۆیان تەسلیمی ئەو عەدالەتە ئێمە بەخێرهاتنەوەیان لێ دەکەین!! بەڵام ئەوان بێن و شەرت و مەرجی خۆیان هەبێ ئەوا ئێمە هیچ جۆرە مەرجێکی ئەوانمان قبوڵ نییە، ئەوانە هەڵەیەان کردووە زیانیان زۆر داوە بەڵام لەسەروو ئەوانەشەوە گەر بەبڕیاری دادگا رازین بەخێر بێن!! ئەگەر نەشیەنەوە کۆنگرەی گەل هەر دادگایی ئەوانە دەکات، واتە لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئێمە دادگایی ئەوانە دەکەین.

*** دەنگۆی ئەوە هەیە کە پلانێك هەبێ لەنێوان تورکیاو عێراقو ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر ئێوە، ئێوە پێشبینی هێرشێکی وادەکەن؟**

– ئیحتیماڵێکی لاوازە بۆچی؟ ئەگەر لەباکووری کوردستاندا پێشکەوتنێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی نەبێ، یان پرسی کوردە بەشێوازێکی دیموکراسی چارەسەر نەبێ لەباکوورو باشوور ئەو کاتە گەریلا ڕاناکاتو ئەو ناوچانە چۆڵ ناکات بە ئۆپەراسیۆنی مانگێك گەریلا لەسەر ئەو چیایانەدا بەئاسانی پاکناکرێتەوەو پێ یان چۆڵ ناکرێ زەحمەتە. بەباوەڕی ئێمە تورکیا زیاتر حەزی لەو کارەیە دژ بەئێمە نە ئەمریکاو نە حکومەتی عێراقیش وا زوو بەزوو کارێکی وائەنجام نادەن. داخوازیەکی زۆر لەلایەن تورکیاوە لەسەر ئەوانە هەیە نە تورە دەبێو نە رادەوەستێ هەمیشە داوا لەو دوو دەسەڵاتە دەکات شەڕی ئێمە بکەنو تورکیا لە بێدەنگ بوونی ئەو دوو هێزە زۆر نارەحەتە. سەرۆکی سوپای دووەمی لەشکری ئەمریکا لەعێراق چەند ڕۆژنامەوانێك پرسیاریان لێکرد بۆچی کۆنگرەی گەل لێرە ماون ئەویش لەوەڵامدا گوتی ئەی بۆ کوێ بچن. کێشەکە لێرەوە دەستپێدەکا گەر ئێمە لێرە بڕۆین یان بەشەڕ دەرمانپەرێنن کێشەکەی ئەوان لەوەدایە ئێمە جارێکی تر لەکوێ سەرهەڵدەدەینەوە، ئەوان ناتوانن چارەسەری ئەوە بکەن. چونکە ئاستەنگ ئێمە نین گەر تورکیا خۆی بگۆڕێ هەموو کێشەی ناوچەکە چارەسەر دەبێ. هەموو کێشەکان ئەوانن ئێمە نین تورکیا هەمیشە بەئەمریکا دەڵێ شەڕ بکە خۆ ئەمریکا دیلی تورکیا نییە هەرچییەك تورکیا بڵێ ئەمریکا جێبەجێیبکات، هەندێك جاریش تورکیا ژێر بەژێر پێمانڕادەگەیێنن و دەڵێ ئێوە هێزەکانتان هەر لەباشووردا بمێنێتەوە باشترە بەڵکو لەپاشەڕۆژدا کێشەکەتان چارەسەر ببێو مەیەنە باکوور چونکە نیوەی زیادی هێزی گەریلا لەباکووری کوردستاندایە!! جەنەراڵی تورك بۆ خۆیان پاکانە دەکەن، بۆ ئەوە تورکیا حەز دەکات ئەو شەڕە بەوان بکات، بەڵام زۆر زەحمەتە بکرێ.

*** ئەگەر حکومەتی هەڵبژێردراوی عێراق داواتان لێبکات ئەو ناوچانەی باشووری کوردستان بەجێبهێڵن ئێوە چی دەڵێن؟**

– ئێمە حیزبێکی هەر چوار پارچەی کوردستانین، خەباتی ئێمە بۆ هەر چوار پارچەی کوردستانە ئەو زەویەش کەئێمە خەباتی لەسەر دەکەین بەشێکە لەخاکی کوردستان. پێشتر حکومەتی کاتی عێراق ئێمەیان بەتیرۆرست لەقەڵەم دابوو.. ئێمە گلەییمان لەدەسەڵاتی عێراق هەبوو، گلەیشمان لەفیدراسیۆنی گەلی کورد هەبوو لەباشووری کوردستان.. هەروەها لەنوێنەرایەتی ئەوان لەحکومەتی کاتی عێراقدا. دەبوایە ئەوان ڕێگەیان نەدابایە کەئێمە بەتیرۆرست ناوزەند بکرێین، چونکە هەر لاواز بوونێکی ئێمە لاواز بوونی ئەوانیشە لەداهاتووشدا هەروای دەنرخێنن.

دەبێت گەلی باشوورو نوێنەرانی پارتەکانی باشووریش لەدەسەڵاتدا ڕێگە بەوە نەدەن کە ئەوەی پێشوو دووبارە ببێتەوە چونکە ئێمەش حیزبێکی دژە تیرۆرین. ئەو ناوچانەی ئێمەی تێداین ڕێگە دەگرێت لەدزەکردنی تیرۆرستان بۆ ناو خاکی عێراق. ئێمە بەهەموو هاوکێشەکان شەڕی دژی تیرۆر دەکەین، ئیتر چۆن دەبێت شوێن بەئێمە لەق بکەن لەداهاتوودا چونکە ئێمە ئێرە بەخاکی خۆمانی دەزانین و خەباتیشمان هەر بەردەوام دەبێت تا ئازادیو دیموکراسی بۆ گەلی باکوورو تەواوی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەستەبەر دەبێت.

حەمەسەعید حەسەن :

من خۆم بەکەسێکی دژ بەدەسەڵاتو حیزب دەزانم، نە لەقەفەزی هیچ ئایدۆلۆژیایەکدا دەژیمو نەهیچ حیزبێك كۆنترۆڵم دەكات

میدیا دوو جار هەڤپەیڤینی کورتی لەرێگەی ئیمێلەوە لەگەڵ حەمەسەعید حەسەندا کردووە، ئەمجارە کە بەسەردان هاتەوە هەولێر ویستمان هەڤپەیڤینێکی گشتگیرو درێژی لەگەڵدا ساز بکەین.

لەو هەڤپەیڤیەدا، کە تایبەت بوو بە (میدیا)و ماڵپەڕی peyamner لەگەڵیدا کراوە، حەمەسەعید حەسەن قۆناغەکانی ژیانی نووسەرایەتی خۆیو شاخو ئەورووپاو ئەم سەردانەی دوایی بۆ کوردستان دەکات.

هەڤپەیڤینی : ئاکۆ محەممەدو سەلام سەعدی (١-٢)

کە چوومە شاخ لەبارەگاکانی یەکێتی دا دەمامەوەو بۆ رادیۆی یەکێتی دەمنووسیو زۆر رێزیان دەگرتم

" من یەکێتیناسمو پێموابێ پارتی زیاتری یەکێتی تەحەمولی رەخنە دەکات "

*** ساڵی ١٩٨٣ چوویە شاخ، چەند مایەوە لەوێ، ئایا پەیوەندیی بەفشاری رژێمەوە هەبوو؟**

– کۆتایی ساڵی ١٩٨٢و سەرەتای ١٩٨٣ بوو، لەو چەند مانگەدا گوشارێکی گەورە لەلایەن حزبی بەعسەوە بۆ لەناوبردنی یەکێتی نووسەرانی کورد دەستی پێکرد. بەعس دەیویست یەکێتی نووسەرانی کورد هەڵبوەشێتەوەو نووسەرانی کورد ببنە ئەندام لەیەکێتی نووسەرانی عێراقدا کە بەڕێوەبەرانی و کۆمیتەی کارگێڕیی ئەو یەکێتییەش هەموویان خەڵکی بەعسی بوون. هەر لەو سەردەمەشدا کە ئەو گوشارانە دەستیان پێکرد، بڕیارێکی (مجلس قیادة الثورة)یش هەبوو دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کوردو پێکهێنانی یەکێتی نووسەرانی عێراق. ئیدی هەر لەکۆتایی ١٩٨٢دا بەئامادە بوونی (عەبدولئەمیر معەللە) ی جێگری وەزیری رۆشنبیریی ئەوکاتی عێراق، ئەوەی رۆمانی (الأیام الطویلة)ی سەبارەت بە (ئازایەتی و موغامەراتەکانی سەددام) نووسیوە، لەهەولێر کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا کە نووسەرانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك تێیدا بەشدار بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا عەبدولئەمیر معەللەو عەبدولستار تاهیر شەریف کە ئەویش هەر بەعسی بوو، داوایان لە نووسەرانی کورد کرد کە ببنە ئەندام لەیەکێتی نووسەرانی بەعسدا. سەبارەت بەم دووانە هەڵوێستەکە ئاسایی بوو، بەڵام بەداخەوە عیزەدین مستەفا رەسوڵیش لەو سەنگەرەدا بوو و، زۆر شێلگیرانە داکۆکیی لە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد دەکرد. پاش ئەوە لەسلێمانیش کۆبوونەوەیەکی دیکە هەر بەئامادەبوونی بەعسییەکان ئەنجامدراو لەهەردوو کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێك خەڵك دژی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد هەڵوێستیان وەرگرت، من لەو نووسەرانەی دیکە توندتر قسەم کردو زیاتریش بەگژ ئەو بڕیارەدا چوومەوە. هەر بۆیە فەرمانی گرتنم دراو بەڕێکەوتیش نەگیرام. من ئەو کات لە شارەزوور مامۆستا بوومو قوتابخانەکەی ئێمەش هەمیشە دەوامی پاشنیوەڕۆیان بوو. ئەوان لەو قوتابخانەیە کە دەوامی بەیانیان بوو پرسیاری منیان کردبوو. بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان کە زانیبووی بۆ گرتنی من هاتوون ئاگاداری کردمەوەو ئیدی توانیم خۆم بزر بکەم. پاش ئەوە نزیکەی مانگێك لەشاردا مامەوەو ئینجا چوومە شاخ. بەو شێوەیە لەساڵی ١٩٨٣وە تاکۆتایی ١٩٨٧ لەشاخ مامەوە.

*** لەدیدارێکدا باسی رۆژگاری شاخت کردووەو دەڵێی ، هەندێ لەو نووسینانەی لەشاخ بڵاوت کردوونەتەوە سەرئێشەیان بۆ دروست کردی، ئەو سەرئێشانە چی بوون؟ ئایا پەیوەندیت لەگەڵ حزبی شیوعی هەبوو؟**

– نا، من کە رووم کردە شاخ زۆر لەمێژبوو وازم لەحزبی شیوعی هێنابوو، من سەرەتای ١٩٨٣ چوومە شاخ ،بەڵام لە ١٩٧٦ەوە لەحزبی شیوعی نەمابووم. من لەشاخ لەو ناوچانەدا بووم کە لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیدا بوون، لەوێ هەم لەناو سەرکردایەتی و هەم لەناو کادیرە پێشکەوتووەکانی یەکێتی و لەراگەیاندنی یەکێتیدا دۆستو ناسیاوم هەبوو. لێرەدا حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە سێ چوار مانگێك پێش ئەوەی روو بکەمە شاخ، لەرێی کاك محەممەدی حەمە باقییەوە نامەیەکم لە کاك نەوشیروان مستەفاوە پێگەیشت لەو نامەیەدا زۆر ستایشی من کراوەو دەڵێ ئەو کارانەی تۆ لەشار دەیکەیت زۆر ئازایانەترو بوێرانەترە لەوەی پێشمەرگەکان دەیکەن. هەر بۆیە روومکردە ئەو ناوچانەی کە یەکێتی لێبوو، لەوێش چ خودی کاك نەوشیروانو چ مام جەلالو ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتیش پێشوازیی گەرمیان لێکردم. لەوێ ئەو ماوەیە بەردەوام بۆ ئێزگەی یەکێتی نیشتمانی دەمنووسی، بۆ نموونە بەرنامەیەکم هەبوو ناوی (گوندە راگوێزراوەکان) بوو، لەو بەرنامەیەدا هەر جارە باسی گوندێکم دەکرد کە راگوێزرا بوو، بەرنامەیەکی دیکەشم هەبوو ناوی (ئەدەبی بەرگری) بوو، ئەوەش من ئامادەم دەکرد.

حەز دەکەم هەر بۆ مێژوو ئەوە بڵێم کە من هەر چییەکم بۆ رادیۆی یەکێتی نیشتمانی دەنووسی، بەئارەزووی خۆم دەمنووسی و ئەو وەختەش من بەتەواوی لەژێر کاریگەریی بیری مارکسیدا بووم، بەکەیفی خۆم شتم دەنووسی و هەرگیز رستەیەکی منیان نەقرتاندو هیچ سانسۆرێك لەسەر نووسینەکانم نەبوو. بەڵام جارێکیان مام جەلال جوابی ناردبوو بۆ کاك ئەرسەلان بایز کە بەڕێوەبەری راگەیاندنو ئێزگە بوو، گوتبووی بەو کاك حەمە سەعید حەسەنە بڵێن ئەو وادەزانی پێشمەرگە لەشکری سوورە. دیارە هەر بۆ خۆشی وایگوتبوو. بەڵام ئەوەی کە کێشەی دروستکرد ئەوەبوو کە من کتێبێکم لەشاخ بڵاوکردەوە بەناوی (یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات)، لەوێدا راستەوخۆو ناراستەوخۆ رەخنەم لەو نووسەرانە گرت کە لە مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورددا هەڵوێستیان نەبوو. بێگومان بەشێکی زۆر لەو نووسەرانە دۆستو ئەندامی یەکێتی نیشتمانی بوون کە هەڵوێستێکی لاوازیان پێشانداو ئیستیمارەیان پڕ کردەوەو بوونە ئەندام لەیەکێتی نووسەرانی بەعسداو ناوەکانیشیان لەرۆژنامەی (الثورة)دا بڵاوکرایەوە. بەڵام هەقە هەر بۆ مێژوو ئەوەش بڵێم کە نوێنەری نووسەرانی کورد لەسلێمانی چووبوونە لای سەرکردایەتی یەکێتی و سەرکردایەتیش ئەو خەڵکەی سەرپشك کردبوو کە دەبنە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی عێراق یان نا. بەڵام نووسەرانی سەر بەیەکێتی، یەکەم هەموویان بوون بەئەندام لەیەکێتی نووسەرانی بەعسداو دووەمیش فشاریان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی هێنا تا نامەی رەسمی بۆ ئێمە بنێریو داوامان لێبکات ئێمەش بچینە ناو ئەو یەکێتییە. من نامەیەکی رەسمیم لە یەکێتییەوە پێگەیشت کە داوای ئەوەم لێکرابوو ببم بەئەندامی یەکێتی نووسەرانی عێراق، بەڵام ئێمە ژمارەیەك نووسەر ئەوەمان رەتکردەوە، لەوانە کەسانێکی وەك حەمەفەریق حەسەنو فوئادی مەجید میسری و رەئوف عوسمان، لەهەولێریش بەبیرم دێ کاك حەمەکەریم هەورامی هەڵوێستێکی زۆر ئازایانەی هەبوو، هەروەها کاك نەژادی عەزیز سورمێش.

*** بۆچی ئەو مەیلە لای یەکێتی هەبوو کە ئێوە بچنە ناو یەکێتی نووسەرانی عێراق؟**

– سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی خەڵکەکەی سەرپشك کردبوو کە دەبنە ئەندام یان نا. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی نوسەرەکان کە دۆستی ئەوان بوون خۆیان بوون بەئەندام، من لەو کتێبەدا باسم کردووە کە بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ بەگژ ئەو بڕیارەی حزبی بەعسو سەرکردایەتی شۆڕشدا بچووبایە ئەوە سەرکێشییەکی گەورەی تێدا بوو کە دەبووایە دواتر باجەکەی بدات. لەبەر ئەوە ئەوان لانی کەم وەکو تاکە کەس لەبەر ئەوە بوونە ئەندام کە دژایەتی و بەگژداچوونەوەی بەعس کارێکی ئاسان نەبوو، مەترسییەکی زۆری بەدواوە بوو، لەلایەکی دیکەشەوە، وەکو دوایی دەرکەوت، یەکێتی ئەگەر لەسەرەتای ١٩٨٣دا ئەو پێشنیارەی خستبێتە بەردەم ئەوان، ئەوا یەکێتی نیشتمانی لەکۆتایی هەمان ساڵدا خۆی کەوتە وتووێژ لەگەڵ حزبی بەعس.

*** کەی رووتکردە ئەورووپاو بەیارمەتی کام لایەن؟**

– ئەو پرسیارەم زۆر پێخۆش بوو چونکە کاك نەوشیروان مستەفا لەبیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی حەمە سەعید حەسەن بەیارمەتی حزبی شیوعی عێراق گەیشتە ئەوروپا. بەڵام من کە روومکردە ئێران میوانی برادەرانی (ئاڵای شۆڕش) بووم، لەناو سەرکردایەتی ئەواندا دۆستو برادەرم هەبوونو کاتی خۆیشی کاك مەلا بەختیارو پشکۆ نەجمەدینو ئەوانەم دەناسی. نزیکەی ساڵێك خۆمو سوعادی خێزانمو هەر سێ منداڵەکەم لەئێران بووین. کە دەگەیشتیە ئەوێ کارتێکی سەوزیان دەدایێ، منیش هەروا وەك هەر پەناهەندەیەك. چووم بۆ تاران داوای ڤیزەپاسپۆرتم کرد. من پاسپۆرتێکی راستەقینەی خۆم هەبوو کە دەکرا ناوی ژنو منداڵەکانیشی بخەمە سەرو بەخێزانەوە سەفەر بکەم. بۆ وەزارەتی ناوخۆو ئەو دەزگایانەی پەیوەندییان بەسەفەرەوە هەبوو هەر خۆم هاتوچۆم کردو پاش ساڵێك رێگەیان دام بگەمە سوریاو لەوێشەوە سواری فرۆکە بووم بۆ پۆلۆنیاو لەوێشەوە بەشەمەندەفەر رۆیشتم تا سەر ئەو زەریایەی دەکەوێتە نێوان سوێدو پۆلۆنیاوەو ئینجا گەیشتمە سوێد. تەنیا یارمەتییەك ئەگەر درابێتم رەنگە هەر ئەوە بووبێت کە برادەرێك لەو رێگایەدا فێری کردووم چۆن سەد دۆلار بدەمە کاپتنی پاپۆڕەکە بۆ ئەوەی سەرمانبخات. من ئەو ساڵەی کە لەسلێمانی رۆیشتم هەرچییەکم هەبوو فرۆشتمو ئێستا نە لەسلێمانی و نە لەکوردستاندا بستێك زەوی یان خشتێکم نییە. خۆشی ئەوەیە هەندێ کەس پێیان وایە من لە فلان لایەنەوە زەویم دراوەتێ، حەز دەکەم هەموو لایەك دڵنیابن کە من ئەگەرچی خاکی کوردستانم خۆش دەوێت، بەڵام پێم خۆش نییە پارچەیەك زەویم تێدا هەبێت. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە من لەهیچ حزبێکی سیاسی و هیچ رێکخراوو کۆمەڵەیەکەوە تاکە دۆلارێکم وەرنەگرتووە.

*** کە گەیشتییە ئەوروپا بڕیارت دا جۆرێکی دیکە بنووسی. هەندێك پێیان وایە حەمە سەعید حەسەن ئەو کاتەی لەکوردستان بووە لە نەوشیروان مستەفاوە نامەی پێگەیشتووەو کە چۆتە شاخ پەرتووکەکانی لەلایەن یەکێتییەوە چاپکراون. بەڵام پاش ئەوەی گەیشتۆتە ئەوروپا کێشەی حەمە سەعید لەگەڵ یەکێتی دەستی پێکردووەو جۆرێکی دیکەی نووسیوە؟**

– من وەکو باسم کرد بەدرێژایی ساڵی ١٩٨٣و پێش ئەوەی وەفدی یەکێتی نیشتمانی بگاتە بەغدا، بۆ رادیۆی یەکێتی نیشتمانیم دەنووسی، بەڵام کە وتووێژی نێوان یەکێتی و بەعس دەستی پێکرد، دەبووایە بەو شێوازەی کە من حەزم لەنووسینە نەنووسمو گوتیان نابێ دژی بەعس بنووسی. تەنانەت رۆژێك کاك ئەرسەلان بایز لێی پرسیم بۆچی ئێستا بۆ رادیۆ هیچ نانووسی؟ گوتم: ئێوە لەگەڵ بەعس وتووێژتان هەیەو ئیتر من نازانم بنووسم. پاش ئەوە لەساڵی ١٩٨٤دا شیعرێکم بەناوی (پەشیمانی) نووسی کە تێیدا رەخنەی خۆم لەیەکێتی گرت. بەڵام بەقازانجی یەکێتی نیشتمانی هەرگیز دێڕێکم نەنووسیوە. شیعرێکم نووسیوە بۆ شەهید ئارام لەبەر ئەوەی بەدەر لەوەی یەکێتی بووە خۆشم دەویست. هەروەها شیعرێکیشم بۆ ئازادی مەلا محەممەد نووسی کە برادەری نزیکی خۆمو کەسێکی زۆر شۆڕشگێڕو خاوێن بوو، ئەویش سەر بەیەکێتی بوو، بەڵام ئیدی شتێکم نەنووسیوە کە خزمەتی فکری یەکێتی نیشتمانی کردبێت.

راستە (یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەرهات) ئەوە یەکێتی لەشاخ بۆیان چاپ کردم، بەڵام لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کوردستانەوە چاپ کرا کە لەشاخ هەبوو، ئەوان هەروەها کتێبێکی دیکەشیان بۆ چاپ کردم بەناوی (ئایا شێوە لەناوەرۆك گرنگترە؟) ئەوەش هەر یەکێتی نووسەرانی کوردستان لەشاخ چاپیان کرد، بەڵام چاپخانەکە هی یەکێتی بوو. لە هەمان کاتدا لایەنەکانی دیکەش وەك ئاڵای شۆڕشو حزبی شیوعی بەرهەمی منیان چاپ کردووە. پەیوەندیی منو یەکێتی ئەگەر تێکچووبێت ئەوە هیچ پەیوەندیی بەوە نەبووە کە ئەوان هەڵوێستیان لەسەر خودی خۆم چۆن بووە، حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە من هەتا لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا بووم زۆر رێزیان دەگرتمو تەنانەت کە روومکردە ئێران، پێش ئەوەی بگەینە سنووری کوردستانی رۆژهەڵات بەرێکەوت بەناوچەیەکدا رۆیشتین کە تازە بارەگای یەکێتی نیشتمانی لێکرابووەوە، چونکە ئەو ناوچەیە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی بوو، کاك فەرەیدوون عەبدولقادر لەو بارەگایە بوو زۆر بەرێزەوە پێشوازییان کردمو بەلای ئەواندا تێپەڕین، لەکاتێکدا رەخنەم توندم لێگرتبوونو ئەوان ئەوەیان دەزانی.

*** ئەو کاتەی لەناو بارەگاکانی یەکێتیدا بووی خۆت بەیەکێتی دادەنا؟**

– نەخێر، ئەوان خۆشیان دەیانزانی من یەکێتی نیم.

*** لەو ماوەیەدا هیچ جارێك مام جەلالت بینی، یاخود رووبەڕوو لەگەڵی دانیشتی؟**

– بەڵێ لەشاخ سەردانی مام جەلالم کردو تەنانەت دەمانچەکەی لەقەدی خۆی کردەوەو پێشکەشی کردم، بەڵام من سوپاسم کردو لێم وەرنەگرت.

هەر کە گەیشتمە شاخیش کاك نەوشیروان بەجیهاز قسەی لەگەڵ راگەیاندن کردبوو، گوتبووی حەمە سەعید حەسەن هاتۆتە دەرەوەو هیچ سانسۆرێك لەسەر نووسینەکانی دامەنێن، بەکەیفی خۆی دەتوانێ شت بنووسێ. بەڵام دواتر کە ئەو نامیلکەیەم چاپ کرد سەرەتا کاك نەوشیروان رێگەی لەچاپکردنی گرتو دواتر بە بروسکەیەکی مام جەلال چاپکرا. ئینجا کە هەندێ لەو نووسەرانەی چووبوونە ناو یەکێتی نووسەرانی بەعسەوە نامیلکەیەکیان دژی من نووسی، کاك نەوشیروان سەنگەری ئەوانی گرتو پێشەکی بۆ نامیلکەکەیان نووسی.

*** نامیلکەکە کێ نووسیی؟**

– شێرکۆ بێکەسو کاك محەممەدی حەمە باقی و رەئوف بێگەردو عەبدوڵڵا عەزیز خالیدو چەند کەسێکی دیکە.

*** هەندێ جار دەڵێی تەخەسوسم یەکێتییە؟**

– ئەوە راستە، من لەهەندێ شوێندا گوتوومە یەکێتیناسم. لەراستیشدا شارەزایی لەهەموو بوارێکدا وادەکات کە نووسین لەو بوارەدا ئاسانتر بێ. بەڵام من بۆ رەخنەگرتن تەرازوویەکم دانەناوە کە پەنجاگرام رەخنەم لەیەکێتی گرت، خێرا پەنجا گرامیش رەخنە لەپارتی بگرم، زیاتر رەخنەم لەیەکێتی گرتووە، بەڵام بەڕاستی رەخنەی زۆر توندو جددیشم لەپارتی گرتووە.

*** وەك خۆت دەڵێی رەخنەی توندت لە پارتی گرتووە، بەڵام بابەتو بەرهەمەکانی تۆ لەگۆڤارو بڵاوکراوەکانی سەر بەیەکێتیدا قەدەغەیان لەسەرە لەکاتێکدا ئەو قەدەغەکردنە لەسەر بەرهەمەکانی تۆ لەناوچەکانی پارتیدا نییە، ئەوە چۆن لێکدەدیتەوە؟**

– من لەسەر ٣١ی ئاب هۆنراوەیەکی توندوتیژم دژی پارتی نووسی و یەکسەر ناردیشم بۆ کاك تەها بەرواری کە پارتییەو ئێستا نوێنەری حکومەتی هەرێمە لەسوید. کاك تەها مرۆڤێکی زۆر کراوەو مۆدێرنەو بەسنگێکی فراوانەوە وەریگرت. پارتییەکان ئەگەر وەڵامی رەخنەکانیان دابێتمەوە، بەشێوەیەکی زۆر شارستانی وەڵامیان داومەتەوە، جنێویان نەداوەو شتی تایبەتیان باس نەکردووە. لەبەر ئەوە لەو لایەنەوە پێموایە پارتی تۆلێرانسی (تەحەمول)ی زیاترە. بەڵام یەکێتی بەپێچەوانەوە هەر جارێك رەخنەم لێگرتبێت ئەوان بەناوی وەهمی و خوازراوەوە سوکایەتیان پێکردوومو خەڵکیان هانداوە جنێوم پێبدەن. بەڕاستی رەوتاری وام لەپارتی نەبینیوە.

*** جەلالینامە قسەیەکی زۆری لەسەر کراوە، سەربردەی ئەو پەرتووکە چییە وابزانم کۆکراوەی هەموو ئەو رەخنانەیە کە لەسەر یەکێتی نووسراوە، دەگوترێ گوایە پارتی ئەو کتێبەی تۆی بڵاوکردبێتەوە؟**

– لەلاپەرە دووی ئەو کتێبەدا کە رەنگە بینیبێتتان، نووسراوە کە لەکوێ چاپ کراوە، ژمارەی لەسەرەو ناوی چاپخانەکەی لەسەرە، من پێشتریش چەندین کتێبم لەئەوروپا چاپ کردووەو ئەو کتێبەش هەر لەوێ چاپ کراوە. بریا تاوانی من هەر ئەوە بووایە کە پارتی کتێبی بۆ چاپ کردووم، هەندێ کەس جاری واهەیە دەنووسن حەمە سەعید حەسەن سەر بە پاراستنە، یاخود بەسەفتە دۆلاری وەرگرتووە، هەموو ئەو تۆمەتانەش بێ هیچ بەڵگەیەك دەدرێنە پاڵ من.

*** وەکو ئاگادارین، سەردانەکەی تۆ تەنیا هەولێر دەگرێتەوەو سلێمانی ناگرێتەوە خۆیشت لەنووسینێکدا دەڵێی بەرهەمەکانم بەزۆری لەهەولێر بڵاودەبنەوە، بەڵام خوێنەرەکانم زۆربەیان لە سلێمانین. چۆن دەکرێ سەردانی سلێمانی نەکەی؟**

– زۆر حەز دەکەم بچمەوە سلێمانی، ئێستاش ئەگەری ئەوە هەیە سەردانێك بکەم. بەڵام ئەگەر ئەمجارەش بۆم نەگونجا، ئەوا پێش هاوین یاخود لەهاویندا دێمەوەو هەموو وەختەکەش لەسلێمانی دەبم. بەڕاستی زۆر پێم ناخۆشە کە تائێستا نەچوومەتەوە سلێمانی.

*** دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەگەر حەمە سەعید حەسەن سەردانی سلێمانی بکات لەوانەیە لەلایەن مام جەلالەوە پێشوازیی بکرێ؟**

– بەڕاستی هیچ کەسێك شتێکی رەسمیی لەو جۆرەی پێنەگوتووم.

*** ئەگەر بچینەوە سەر پەیوەندیت لەگەڵ حزبی شیوعی، سەرەتا دەپرسین ماوەی چەند ساڵ ئەندامی حزبی شیوعی بوویت؟**

– پێنج شەش ساڵ.

*** لەوتارێکدا دەڵێی سەری هیچ حزبێکی کوردی ناگاتە پاژنەی پێی حزبی شیوعی عێراق، ئێستاش لەسەر هەمان بیرورای؟**

– من لەهیچ قسەیەکی خۆم پەشیمان نیم، مرۆڤ ئەگەر پەشیمانیش بێتەوە تازە قسەکەی کردووە. بابڵێم لەرابردووی خۆم پەشیمان نیم. بەڵام ئەمە بەڕاستی کاك حەکیم کاکەوەیس ماڵی ئاوەدان بێت ئەم کێشەیەی دروست کرد. زۆر تاوانو تۆمەتی دایە پاڵ منو زۆر بەشێوەیەکی نادیموکراتییانە شتی نووسی، تەنانەت نووسیبووی حەمە سەعید حەسەن ناوی دێهاتەکانی کوردستانی گۆڕیوە!. واتێدەگەم ساڵی ١٩٩٠ یاخود ١٩٩١ بوو کە ئەو وتارەم نووسی. حیزبی شیوعی عێراق کە من لەساڵی ١٩٧١-١٩٧٦ تێیدا ئەندام بووم. ئەگەر سەیری رابردووی بکەی، دەبینی لەبواری هاوکاریکردندا لەگەڵ دەسەڵاتەکانی مەرکەز، رابردووی ئەوان لەهی حزبە کوردییەکان خاوێنترە. حزبە کوردییەکانیش ئەوکاتە هەر پارتی و یەکێتی هەبوون. پارتی لەساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ هاوپەیمانی بەعس بوو. یەکێتی نیشتمانی نەك هەر چەند ساڵێك هاوپەیمانی بوو بەڵکو کۆیلەی دەسەڵاتی مەرکەز بوو، داربوو بەدەست دەسەڵاتی بەغداوە. جگە لەوەش پەیوەندیی حزبی شیوعی لەگەڵ تورکیاو ئێرانو سوریا کە داگیرکەری کوردستانن هەمیشە پەیوەندییەکی خاوێنتر بوو، ئەگەر ناپاکییەکیش کرابێت ئەوا ناپاکیی ئەوان لەهی حزبە کوردییەکان کەمتری خایاندووە. وێڕای ئەوانەش حزبی شیوعی پێش حزبە کوردییەکان باسی لەسەربەخۆیی کوردستان کردووە.

*** بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کێ هاوپەیمانی حکومەتە مەرکەزییەکان بووە، ئەوە خۆت دەزانی کە وەختێك شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١ دەست پێدەکات، یەکەمین لایەن کە دەستەواژەی (جیب العمیل) بەکار دێنێ حزبی شیوعییە. دوای ١٩٧٥جەماعەتی ئەنساری حیزبی شیوعی گوللەیان بە پێشمەرگەوە دەنا. هەردوو جار کە حزبی شیوعی دەچێتە شاخ هەم لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولو هەم پاش نسکۆی ١٩٧٥، بەفشاری دەسەڵاتی بەغدا کە لێیدراوە دەرچووە. پاشان ئەندامەکانی ئەنجومەنی ئەشریعیو تەنفیزی لە حزبی شیوعیدا دیارن. جگە لەمەش ئەندامی حیزبی هەبووە لە شاخ لە سەر گوتنی سرودی نەورۆز و(ئەی رەقیب) حوکم دراوە؟**

– ئەو زانیاریانە هەڵەن. پارتی و یەکێتی لەساڵی ١٩٩٢دا بۆ یەکەمین جار باسی فیدرالییان کرد. پێش ئەوە هەر باسی حوکمی زاتی و ئینجا حوکمی زاتی راستەقینە دەکرا، دواتر دروشمەکە بووە فیدرالی، بەڵام باسی سەربەخۆییان نەکردووە. پاسۆكو ئەوانەش کە باسیان دەکرد حیزبی بچووك بوون. ئەوەی کە حزبی شیوعی لە ١٩٦١دا دژی شۆڕشی ئەیلول بووبێت زانیارییەکی هەڵەیە. حزبی شیوعی ئەوکات سیاسەتێکی هەبوو کە من بەڕاستی نازانمو ئێستاش وابزانم هەر لەسەری دەڕوات. ئەو سیاسەتە پێیدەگوترا (هاوکاری و تێکۆشان)، لەگەڵ لایەنە باشەکانی حکومەتدا بوون دژی لایەنە خراپەکان. بەڵام پاش ساڵی ١٩٦٣ کە حکومەتی عێراق دەیویست خەڵك ناچار بکات ئیمزا دژی شۆڕشی کورد کۆبکەنەوەو ئەو شۆڕشە بەناپاكو یاخی بوو لەقەڵەم بدەن، ئەوە شیوعییەکان بوون کە رەتیان کردەوە ئەو ئیمزایە بکەن، کەچی کەسانی نەتەوەیی و سەر بە پارتی بۆ ئەوەی وەزیفەکەیان لەکیس نەچێ یاخود نەگیرێن ئیمزایان کرد. ئەوکات شیوعییەکان سەرکاروانی ئەوانە بوون کە دژی ئەوە بوون بۆ بەرژەوەندیی حکومەتو لەدژی شۆڕشی کورد ئیمزا بکەن. ئیدی زۆری بەسەردا نەچوو بەهۆی فشاری حکومەتو کودەتاوە چوونە شاخو لەوێش لەلایەن پارتییەوە پێشوازییان لێکرا. مەسەلەی (جیب العمیل) بەڕاستی زاراوەیەکە من نەمبیستووە. بەڵام ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ کە پارتی چوونە شاخ، حزبی شیوعی لەگەڵ حزبی بەعس هاوپەیمان بوو. من خۆم بەنووسینیش نووسیومە کە دژی ئەوە بووم حزبی شیوعی لەگەڵ بەعس بەرەی نیشتمانیی پێکهێنا. هەر لەیەکەم کۆبوونەوە کە ئەو بەڵگەنامەیە لەنێوان حزبی شیوعی و بەعس مۆرکرا من دژی بوومو دواتریش هەر لەبەر ئەوە وازم لەحزبی شیوعی هێنا. من پێموابوو کە لەکێشەی میللەتێکی سەردەستو میللەتێکی بندەستدا، هەمیشە دەبێ شیوعییەکان لەگەڵ میللەتی بندەست بن. لەبەرئەوەی حزبی شیوعی ئەوەی نەکرد، ئەوە بووە هۆکارێکی سەرەکی وازهێنانی من لەو حزبە.

ئەوەی کە حزبی شیوعی لەگەڵ بەعسی لەسەنگەرێکدا بوو دژی شۆڕشی گولانو نوێ راستە، بەڵام حەق وایە مرۆڤ ئەوەشی لەبیر نەچێت کە پارتییەکان هەر لە ١٩٧٣وە کەوتنە دژایەتی بەرەی پێشکەوتنخواز کە بەرەی نێوان بەعسییەکانو شیوعییەکان بوو، کەچی پارتی خۆی پێشتر هاوپەیمانی بەعس بوو. هەرکە ئەو بەرەیە دروست بوو، پارتییەکان لەهەموو شارو شارۆچکەو گوندەکانەوە کەوتنە راونانی شیوعییەکان. هەمیشە پارتی دەستپێشخەر بووە لەپساندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبی شیوعی. پارتی فشارێکی وەهای خستە سەریان کە حزبی شیوعی ناچار بوو داوای چەك بکاو خۆی چەکدار بکات. وێڕای ئەوەش شەڕێکی وا کوشندە لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا رووی نەداوەو بگرە شیوعییەکان لەشۆڕشی ئەیلولدا بەشدارییەکی کاریگەریان کردو هەر بۆ نموونەش گرنگترین شەڕ کە کارێکی وای کرد شۆڕشی ئەیلول سەر بەحکومەتی عێراق شۆڕ بکات شەڕی هەندرێن بوو کە بە بەشداریی شیوعییەکان کرا. بەڵام لەنسکۆی شۆڕشی ئەیلولدا حزبی بەعس حزبی شیوعی چەك کرد، هەر بۆیە کە شۆڕشی گولان سەری هەڵدا، حزبی شیوعی حزبێکی چەکدار نەبوو تا بچێت بەگژ شۆڕشی گولاندا. حزبی شیوعی یەك فیشەکیشی بەشۆڕشی گولانەوە نەناوە.

*** لەوتارێکدا دەڵێی لەشەستەکاندا ژمارەیەك کادێری حزبی شیوعی لەسلێمانی لەلایەن پارتییەوە کوژران؟**

– راستە، من خۆم تەرمی هەندێك لەوانەم بەچاوی خۆم بینی. لەوتارێکدا بەناوی (کانی ماسی هەواری کەنار شاری بکوژان) باسی ئەو رۆژەم کردووە کە کۆمیتەی پیاوکوشتنی سەر

بۆل ١١

من خۆم بەکەسێکی ناسیونالیست نازانم، بەڵام کەلاوەیەکی کوردستانم لە تەلارێکی ئەوروپا پێ جوانترە